# ئەنفالی ئەفسانە و ئەنفالی راستەقینە!



محسن كريم
Muhsin_km@yahoo.com
Mobile: 078 2134 9087

کارەساتی ئەنفالکردنی دانیشتوانە گوندنشینەکانی کوردستانی عێراق، لە بیرەوەری خەڵکی کوردستاندا تا ماوەیەکی دورودرێژیش لە مێژووی روودانی ئەم کارەساتە ئینسانیە هەر دەمێنێتەوە. بۆ ماوەیەکی زیاتریش کاریگەریەکەی لەسەر شێوازی ژیان و باری نەفسی ئەو کەسانەدا دەمێنێەوە کە لەم کارەساتە تراژیدیە بەجێماوون!

ئە رووداوە وەکو بەرهەمی سیاسەتی نەتەوەپەرستی و شۆڤێنیزمی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە بیروەری ئەو خەڵکەدا تۆمار بووە. سیاسەتێك کە کارەساتی هەڵەبجەی خوڵقاندو دەیان ساڵیش بوو کوردستانی عێراقی لە دانیشتوانەکەی کردبووە زیندانێکی داخراوو چەند سەردابێکی تاریکی ئەشکەنجەو سێدارەو کوشتاری رۆژانە. تەحقیرو سوکایەتیکردن بە کەرامەت و حورمەت و ژیانی خەڵك سناریۆیەکی دووبارەی رۆژانە بوو کە رق و کینەی نەتەوەیی پەرە پێ دەدا! سیاسەتێك کە دانیشتوانی کوردزمانی عێراقی وەکو بونەوەرێکی نزمو لە خوارەوە تەماشا دەکردو بەم پێیەش چوارچێوەی مافەکانی بۆ دیاری دەکردن! لە دەیان ساڵی رابردوودا، خەڵکی کوردستان گیرۆدەی دەستی ئەم ناسیۆنالیزمە شۆڤینیستەی عەرەب بووە کە رژێمی بەعسیش نوێنەری پڕاوپڕی ئەم شۆڤینیزمە نەتەوەییەی ناسیۆنالیزمی عەرەب بوو.

کارەساتی ئەنفال بۆ ناسیۆنالیزمی کورد بوو بە سەرچاوەی نان و کەسابەتی سیاسی کە چەندین ساڵە بەهرەکێشی لێدەکەن. ئەم کارەساتە ئینسانیە بۆ ئەوان وەسیلەیەکی کەم مەسرەف بووە کە خۆیانی پێوە بکەنە نوێنەری مەزڵومیەتی خەڵکی کوردستان لەبەرچاوی رای گشتی جیهانی و ناخۆیی. رەوابوون و شەرعیەتی سیاسەت و ئامانج و بەرژەوەندیەکانی ناسیۆنالیزمی کورد و حیزبەکانی خۆیانی لێوە وەربگرن و بیکەنە دەستمایەی سیاسی خۆیان بۆ بەندو بەست و وەرگرتنی ئیمتیازی سیاسی و مالی لە لایەنە جیهانی و مەحەلیەکان و بۆ شەریکبوون لەدەسەڵاتی سیاسی لە ئاستی ناوخۆییدا. ئەمەش لە کاتێکدا کە کەمترین بەرپرسیارێتی ئینسانیان بەرامبەر بە پاشماوەکانی ئەم کارەساتە لە ژنان و منداڵان و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان نیشان نەداوە، نەخوازەڵڵا نیشاندانی بەرپرسیارێتی سیاسی بەرامبەر بەم کارەساتە ترسناکە وەکو سیاسەتێك و حەملەیەکی پاکسازی نەتەوەیی . لە راستیدا ژیانی کوللە مەرگی و ئیهمال کراوی ئەو هەزاران ئینسانە لە ئەنفال بەجێماوەی کە لە ئۆردوگاکانی صمودو شۆرش و باقی ئۆردوگاکانی دیکەدا دەژین، بیرەوەری تاڵی ئەو کارەساتەیان وەکو شانۆگەریەکی رۆژانە نمایش دەکاتەوە!

رۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی کوردیش هەموو ساڵێك شیوەنێك بەم بۆنەیەوە دائەنێن. چەند ووتارو شیعرو پەخشانی فرمێسکاوی لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارو سایتەکاندا بڵاو

دەکەنەوە. ئیتر تەواو! بۆ ئەم ئینسانە دڵناسکانەو هەندێجاریش خۆشخەیاڵانە، ئەم کارەساتە تەنها لە سنوری عەزابی ویژاندا دەمێنێتەوە، کە دەبێ هەموو ساڵێك بە پێچەوانەی ویژدانی بێبەزەیی و دڵی رەق و بەرژەوەندپەرستیی سیاسەتمەدارانی هەلپەرستی ناسیۆنالیستی کوردەوە، بۆ ماوەیەك لەگەڵ ئەو عەزابەدا خۆیان و خەڵك بژین!

بەم پێیە ئەنفال وەکو سیناریۆیەکی ئەفسانەیی لێ دێت کە ناسیۆنالیزمی کورد لە ڕێگایەوە بژێوی سیاسی خۆی دابین دەکات و دەیکاتە فیتشێکی ناسیۆنالیستی لە بابەتی کاوەو زوحاك و.... نەوەکانی داهاتووی کوردستانی پێ ئەسیرو دیلی ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیزم و کوردایەتی دەکات. رۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی کوردیش دەیکەنە تراژیدیایەکی ئەفسانەیی کە هەر ساڵە بۆ جوڵاندنی ویژدانی ناسیۆنالیستی یادێکی دەکەنەوە.

ئەنفال کارەساتێکی سروشتی نەبووە، تەنها کارەساتێکی ئینسانیش نیە، تا خەڵکی کوردستان هەر ساڵە بۆ یادکردنەوەی قوربانیەکان ماتەمێك بگێڕن یان پەیکەری رەمزیان بۆ دروست بکرێت! ئەنفال فیتشی پیرۆزیی کوردایەتی و چیرۆکێکی تراژیدی میللی نیە!

ئەنفال رووداوێکی سیاسی- ئینسانیە راستەقینەو ئاکامی مەنتقی سیاسەتی شۆڤینیستی و خۆ بەزلزانی نەتەوەپەرستیانەی ناسیۆنالیزمی عەرەب بوو لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی رژێمی بەعسدا. بۆیە مامەڵەکردنی راستەقینەی ئەم رووداوە سیاسی- مێژوویی- ئینسانیە بینینیەتی وەکو ئەڵقەیەکی خەتەرناك و هاوکات کارەساتبار لە زنجیرەی ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستانی عێراق لە لایەن دەسەڵاتە ناوەندیە نەتەوەپەرستە عەرەبیەکانەوە.

وەڵامی سیاسی بەم رووداوەو مەسئولیەت نیشاندانی سیاسی و ئینسانی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، لەریشەوە هەڵتەکاندنی ئەو زەمینەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیەیە کە ئەم کارەساتەی خوڵقاند. ئەمەش بە سادەیی مانای ئەوەیە کە کێشەی کورد لە عێراقدا لە ڕێگای بەرپاکردنی ریفراندۆمێکی ئازادانەوە بۆ خەڵکی کوردستان چارەسەر بکرێت. خەڵکی کوردستان بریاری سیاسی خۆیان بدەن دەربارەی مانەوە یان نەمانەوە لەچوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کە بەهۆی دەسەڵاتە سیاسیەکەیەوە دووچاری ئەنفال و باقی کارەساتەکانی دیکە بوون کە ئێستاش، سەرباری دارمانی رژێمی نەتەوەپەرستی بەعس، هەلومەرج و زەمینەی درێژەکێشانی هەمان ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی لەجێی خۆیاندا ماونەتەوە. پۆستی سەرۆك کۆماریی تاڵەبانیش نەك ئەم هەلومەرجە کۆتایی پێ ناهێنێ و ئەم زەمینەیە ووشك و بەیار ناکات بەڵکو تەڕو پاراوتری دەکات و چارەسەری کێشەی کورد دەخاتە کەنارەوە.

بۆیە دوا قسە ئەوەیە کە ئەنفالی راستەقینە، یانی کێشەی کورد، کێشەی کوردیش چارەسەری سیاسی دەوێت. ئەم چارەسەرەش تەنها و تەنها لە ڕێگای بریاری سیاسی خەڵکەوە دەکرێت چارەسەرێکی ئینسانی و عادیلانە بێت، ئەویش بەرپاکردنی ریفراندۆمە. کە من دڵنیام خەڵکی کوردستانیش وەکو ئێمە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، پێیان وایە کە لەو ریفراندۆمەدا دەبێت دەنگ بە جیابوونەوەی کوردستان بدرێ.